تەکدانی مەزاری ژینا ئەمینی لە لایەن کەسانێکی نەناسراوەو

تەڵی مافێکانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "ڕۆژی یەکشەممە کەسانی نەناسراو هەڕشیان کردووەتە سەر مەزاری ژینا ئەمینی لە گەڵستانی ئایچیی سەقز و جامی سەر بەردەکەیان شکاندووە"، هەروەها لە چەند حەفتەی ڕابردوودا دامودەزگا ئەمنییەکانی سەقز بە هەڕەشە و گوشار ڕاگریان کردووە لە دروستکردنی کەپر بەسەر مەزارەکەی ژینا ئەمینییەو.

ساڵح نیکبەخت، پارێزەری بنەماڵەی ژینا ئەمینی، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: "بە داخەو سەر لە بەیانی ڕۆژی یەکشەممە کەسانێکی سووک و بەشەرم کە لە ڕابردووشدا هاوشێوەی ئەم کارانەیان کردووە، هەڕشیان کردووەتە سەر مەزاری نەمر ژینا ئەمینی و شێواندوویانە، ئەو وێنانەی لە لایەن دایک و باوکی ژیناوە بە دەستی من گەیشتووە ئەم هەواڵە پشتڕاست دەکاتەو".